# چالاکی یەکانی لقی زانکۆو پەیمانگاکانی هەولێری یەکێتی قاتابیانی کوردستان لەساڵی خوێندنی 2005-2006



یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە رۆژی (18) ی شوباتی (1953) لەسەر راسپاردەی سەرۆکی رۆحی نەتەوەی کورد بارزانی نەمر وەک زەروریەتێکی مێژوویی هاتە دامەزراندن لە ماوەی (54) ساڵی ڕابردوودا بەردەوام خەبات و تێکۆشانی کردووە و لەپێناو مافە پیشەیی و نەتەوەییەکانی قوتابیان، لەو ماوەیەشدا بەسەدان شەهیدی داوە و دەیان سەرکردەی پێگەیاندووە لە پراکتیزەکردنی دیموکراسیەت لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا سەرمەشقی ڕێکخراوەکانی تر بووە لە ماوەی تەمەنی ڕابردوو (119 کۆنگرە و (5) کۆنفراسی بەستووە و بەم شێوەیە خوارەوە تیشکی دەخەینە سەر:



کۆنگرەی یەکەم:

لە (18) ی شوباتی ساڵی (1953) بەسترا و هەڤاڵ (احمد عبدالله ئامێدی) بە سەرۆک و (مام جەلال) بە سکرتێری هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی دووەم:

لە ساڵی (1955) لە یەکێک لە گەرەکەکانی بەغدا بەسترا و هەڤاڵ (احمد عبدالله ئامێدی) بە سەرۆک و (مام جەلال) بە سکرتێری هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی سییەم:

لەساڵی (1975) لە ناوچەی ئەعزەمیە لە شاری بەغدا لە ژێر دروشمی (لە پێناوی بەرەی نیشتیمانی و ڕووخاندنی حکومەتی کۆنەپەرستی و ژیانێکی باشتر بۆ قوتابیانی عێراق) بەسترا و هەوڤاڵ (احمد عبدالله ئامێدی) بە سەرۆک و (مام جەلال) بەسکرتێری هەڵبژێردرا، لەم ماوەیەدا چەندین کادری بەتوانی یەکێتی یەکەمان بوونە قوربانی کوردستان کە ئەمانە بوو: شەهیدان (مامون دەباغ، محمد ێدیق پێنجوێنی، علی عادل عبدالخالق ئەسپینداری) .

کۆنگرەی چوارەم:

لەسەرتای مانگی شوباتی (1964) لە دێی چۆخماخ لە سلێمانی بەسترا و هەڤاڵ (فەرهاد عەونی) بە سکرتێری هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی پێنجەم:

لە (14) ی گەلاوێژی (1967) لە ناوچەی تایمزاوی سەر بە پارێزگای کەرکوک بەسترا و هەڤاڵ (عبدالکریم حسن زاید) بە سکرتێری هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی شەشەم:

لە 15 تەموزی (1970) لە ناو پردان بەستراو هەڤاڵ (عادل مراد) بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی حەوتەم:

لە (3/30/ 1972) لە شاری سلێمانی بەستراو هەڤاڵ (عادل مراد) بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی هەشتەم:

لە (1993/10/16) لە هۆڵی زەرد لە شاری هەولێر بەستراو هەڤاڵ (ساسان عەونی) بە سکرتێر هەڵبژێردرا و یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لە یەکتر جیابوونەوە.

کۆنگرەی نۆیەم:

لە (1998/7/27) لە شاری هەولێر دروشمی (زانست، ئازادی، پێگەیاندن) بەستر و هەڤاڵ (علی عەونی) بەسکرتێر هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی دەیەم:

لە (2001/7/28) لە شاری هەولێر لە ژێر دروشمی (زانست، ئاشتی، نوێکردنەوە) بەستراو هەڤاڵ (موسا ئەحمەد) بە سکرتێر هەلبژێردرا.

کۆنگرەی یازدەهەم:

لە (2004/8/2) لە شاری دهۆک لە ژێر دروشمی (زانست، ئازادی، پەرەپێدان) بەستراو هەڤاڵ (بەرەڤان حمدی) بە سکرتێر هەڵبژێردرا، دوای کۆنفراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابیە خوێندکاریەکان ساز کرا لە 2006/1/6، هەڤاڵ بەرەڤان حەمدی بووە یەکەمین سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابیە خوێندکاریەکان.



چالاکی یەکان:-

1. لەگەڵ هاتنی قوتابیانی قۆناغی یەکەم بۆکۆلیژو پەیمانگاکان لقەکەمان لەسەرجەم کۆلیژو پەیمانگاکەمان بۆپێشوازی کردن لەقوتابیان چەندین لێژنەی پێشوازی دروست کرد و رێبەری قوتابیانی بەسەر دابەش کردن، وێڕای ئەوە ئاهەنگی یەکترناسینی بۆیەکە یەکەی پۆلەکان ساز کرد.




2. لەسەرجەم کۆلیژو پەیمانگاکان ئاهەنگی هەڵپەڕکێ بۆقوتابیانی قۆناغی یەکەم ساز کرا.

3. سازدانی ئاهەنگی وینەی دەرچوونی قوتابیانی گشت کۆلیژو پەیمانگاکان.



4. سازدانی گەشتی تەرفیهی بۆ گشت قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان.

5. سازدانی کۆڕی شیعری بۆهەریەکە لە بەڕێزان "د. عبداللە پەشێو، حەمە سەعید حەسەن، د. مستەفا زەنگەنە، سەرکەوت رەسول، عبداللە سەنگاوی، شنە شەماڵ، باسیمە، رێبین شلال، جعفر سلمان، گزنگ، شەرمین وەلی، ئارام سالْح".



6. بڵاوکردنەوەی ساڵنامەی (2006) ی گیرفانی و نووسینگەو دیوار، وە هەروەها دابەشکردنی بەسەر سەرجەم زانکۆ و پەیمانگاکان و راگرایەتی و بەشەکانی زانکۆو پەیمانگاکان.

7. سازدانی کۆڕی رۆشنفکری لەبابەتی هەمەچەشن بۆ هەریەکە لەبەڕێزان " د. محەمەد سدیق سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین و بەڕێز م. پشتیوان سادق و د. کەمال کەرکوکی و هەڤاڵ بەرەڤان حمدی و دیندار زێباری و د. عمر نورەدین و م. چنار سعداللە و سەرۆ قادر و د. سلام خۆشناو و جلیل گادانی،

هاوەلی دێرینی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵ هۆشمەند رەفیق و ئاوات محمود یاحب و پ. د. ئارنی و م. دژوار فایەق. "



8. لەیادمانی هەژدەهەمین ساڵیادی هەڵەبجەی شەهید بەچەندین چالاکی ئەم یادە بەرز راگیرا بەنووسینی لافیتەو بەیاننامەو پۆستەر و کردنەوەی پێشانگای وینەیی و شێوەکاری و دیکۆمێنتی و گەورەترین ڤیستیڤاڵی هەلەبجەی شەهید بۆیەکەمین جار لەزانکۆی سەلاحەددین.

9. سازدانی پێشانگای شێوەکاری و کاریکاتێری و وێنەی دیکۆمێنتی بۆ قوتابیان (فەریدە سەباح، دوازدە قوتابی تری کۆلیژی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی هەولێر، گروپی روانین، سەردار کەلاری، دلۆڤان.)

10. لەهەژدەهەمین ساڵیادی ئەنفالی بەدناو بەیەکەمین کەرنەڤاڵی ئەنفال لەزانکۆی هەولێری پزیشکی ئەم یادە بەرز راگیرا.

11. سازدانی مەراسیمی شەستەمین ساڵیادی کۆماری کوردستان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەنتەری رۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین.

12. لەرۆژی ئافرەتانی جیهان زیاتر لە 200 قوتابی كچی زانكۆ و پەیمانگاكان خەڵات كران.



13. بەبۆنەی (55) هەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەكێتی قوتابیانی كوردستان و جەژنی قوتابیانی كوردستان لقەكەمان ئاهەنگی هەلپەڕكێ و گۆرانی لەسەرجەم كۆلیژ و پەیمانگاكان سازكرد و بەم بۆنەیەوەش پیرۆزبایی نامەی ئاراستەی یەكە یەكەی قوتابیان كرد و شیرینی بەسەر قوتابیان دابەش كرد.

14. سازدانی ئاهەنگێكی هەڵپەڕكێ و گۆرانی بەبۆنەی جەژنەكانی قوربان و سەری ساڵ و بوونی سكرتێری یەكێتیەكەمان بەیەكەمین سەرۆكی فیدراسیۆنی رێكخراوە (قوتابی و خوێندكار) ەكان.

15. لەجەژنی نەورۆزی نەتەوەیی سەری ساڵی 2706 ی كوردی لەئێوارەی 2006/3/20 لقەكەمان مەشخەڵی ئاگری نەورۆزی لەزانكۆی سەلاحەددین كردەوە.

16. بەسێ شاندی جیاواز قوتابیانی زانكۆی سەلاحەددین و زانكۆی هەولێری پزیشكی و كۆلیژ و پەیمانگا تەكنیكیەكان سەردانی مەزاری نەمرانیان كرد.

17. سێ شاندی جیاواز لەنوێنەرانی زانكۆی سەلاحەددین و زانكۆی هەولێری پزیشكی سەردانی وڵاتی كۆریای باشوور و بەریتانیا و ئیتاڵیایان كرد.

18. یادكردنەوەی ساڵیادی شەهیدان (محمد عوبێد و خیرواللە حسێن).

19. دابین كردنی پاێی هاتووچۆ بۆقوتابیانی ناوەوەو دەرەوەی شار و بەشە ناوخۆییەكان.

20. لەسەر پێشنیاری یەكێتیەكەمان كرێی خوێندنی ئێواران (100) سەد دۆلار كەم كرایەوە و بڕیاری لێخۆش بوونیش بۆ منداڵانی شەهیدان دراو ئەو قوتابیانەی كە هەژارن لەلایەن لقەكەمانەوە ئەم بڕە پارەیەیان بۆدابین كراو هەروەها بڕی ($50) وەك دیاری سەرۆكی حكومەتی كوردستان بەسەر قوتابیانی زانكۆ و پەیمانگاكان دابەش كراو بڕیاری رێسای عبوور و تەرقین قەید و عبوور محمل و گەڕانەوەی (5) قوتابیانی زانكۆكانی خوارووی عێراق پەسەند كرا.

21. لەیادی لەدایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام (محمد) دروودی خوای لەسەر بێت، لە 2006/4/18 بەئامادەبوونی سەرۆكی زانكۆ و یاریدەدەرانی و سكرتێری یەكێتیەكەمان، ئەم یادە لەكۆلیژی شەریعە و خوێندنی ئیسلامی پیرۆز كرد.